## رووبار ئەحمەد:

# دەبێت هونەر و ئەدەب لە شەڕی دژی جەهالەتدا چەکێکی کاریگەر بێت

رووبـــار ئەحمەد یەکێکە لە ئافرەتە دیارەکانی بواری شـــانۆ لە کوردستان و ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵ دەبێت، خزمەتێکی زۆری بە بزاڤی شـــانۆ و شانۆی ئافرەت بەتایبەتی کردووە، ئێستاش بەردەوامە لەو بوارە و وەك خۆی دەڵێ خۆشەویســـتیی بۆ شانۆ بێ سنوورە، جگە لە شانۆ، خاتوو روبار سەرپەرشتی تیپێکی تایبەتی سەمای بالێ دەکات کە ئەزموونێکی بێ وێنە و نوێیە لە کوردســـتان. بۆ باســـکردن لەسەر رەوشی شـــانۆ و ئەرکی هونەرمەندان لەو قۆناغەی ئێستای کوردستان، گوڵان چەند پرســـیارێکی ئاراستەی خاتوو رووبار کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرســـیارەکانی دایەوە.



**ئایا شانۆی کورد گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بڵێین قۆناغی (رکود)؟**

- نەخێر، شانۆی کوردی نەوەستاوە، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی لەگەڵ دەستگیرۆیی نەکردنی بەردەوامە، لە بنەڕەتدا شانۆی کوردی هەمیشە لەبەردەم بوون و نەبووندا بووە، بەڵام لە ئێستادا چەندین گروپ و دەرهێنەر سەرقاڵی کارکردنن، ئەگەرچی بودجەش نییە، دەکرێت شانۆ کاراتر بکرێت، پێویستە میکانیزمێک بگرینە بەر بۆ زیاتر کارا کردنی شانۆی کوردی جا چ کەرتی تایبەت بێت یان گشتی ولایەنە پێوەندیدارەکانی کەلتووری بێت .

**شانۆی کورد خۆی لە بارودۆخێکدا بوو کە وەك پێویست نەبوو، ئەم بارودۆخەی ئێستا لەسەر رەوشی خراپی شانۆ کاریگەرییەکەی چۆن دەبێت؟**

- بارودۆخەکە ئاڵۆزە و بێگومان کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە و شانۆکارانیش، راستە رەوتەکە بەردەوامە، بەڵام بارودۆخەکە کاریگەری هەیە لەسەر داهێنان، ئەگەرچی ئەوەتەی بزووتنەوەی شانۆی کوردی هەیە، نەبۆتە خاوەن هۆڵی سەردەم و هاوچەرخ، لەروی سینۆگرافیا و تەکنەلۆژیاوە لاوازترین شانۆیە، هیچ وڵاتێکی هەژار شانۆکەی ئەوەندە بێناز و بێ خاوەن نییە، بەڵام ئەوە شانۆکارانی کوردە کۆڵنادەن، ئەگەرچی لە ئێستا بڕیارەکانی وەزارەتی دارایی نەک تەنها شانۆ، بەڵکو سەرجەم کایەکانی هونەری ئیفلیج کردووە، بەڵام زەرەرمەندی یەکەم شانۆیە، چونکە کاری گشتگیرییە. راستە ئێمە لە شەڕداین و باری دارایی باش نییە، بەڵام ناکرێت تەنها بە چەک و فیشەک رووبەڕووی دنیای جەهالەتی دەوڵەتی ئیسلامی ببیتەوە، چونکە ئەو شەڕی فیکر و هزر و زانست و سڕینەوەی کورد دەکات، دەبێت هونەر و ئەدەب بە گشتی و شانۆ بەتایبەتی چەکێکی کاریگەر بێت بۆ رووبەڕووبوونەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی بڕوایان بە ئەدەب و هونەر نییە.

**وەك گروپی (لەیزین) چیتان کردووە و ئاستەنگەکانی بەردەمتان زیاتر چی بووە؟**

- ئێمە لە گروپی (لەیزین) گەنجمان هەیە دوو ساڵە دەیەوێت کار بکات، دەرفەتی نەبووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گروپی لەیزین نەوەستاوە و بەهاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆ زیاتر لە ١٩ سیمینارمان سازداوە و چەندین خولمان ئەنجامداوەو بەرهەممان پێشکەش کردووە.

**یەکێك لە نیشانەکانی خۆشەویستیت بۆ هونەر و شانۆ بەتایبەتی ئەوە بوو کە قژت تاشی، کێ بۆ ئەم کارە هانیدای؟**

- پرسیارەکە ئەوەیە کە ئێمە کارێک دەکەین بۆ دەبێت وا بیر بکەینەوە هاندەرێک لە پشت ئەم کارەوە بێت؟ واتا بۆ نابێت بیر بکەینەوەو بێ هانابردن بۆ پشتیوانیکردن بیرۆکەکەی خۆمان جێبەجێ بکەین؟ بۆیە لە وەڵامدا دەڵێم نەخێر کەس هاندەرم نەبووە، بەڵام دوای بڕیاردانم تەنها کەسێک کە هاوڕام بووە و پشتیوانی لێکردم (د. نیاز لەتیف)ی هاوسەرم بوو، کە نەک رێگر نەبوو، بەڵکو خۆی بە دەستی خۆی سەری بۆ تاشیم، چونکە تەنها ئەو ئەزانێ عەشقی من بۆ شانۆ چەندە گەورەیە و لە چ ئاستێکدایە ، هەر بۆیە دەستخۆشی لێکردم و لەزۆربەی چاوپێکەوتنەکان و لە کەناڵەکان پەیامی خۆی گەیاند کە هونەرمەند پیاو بێت، یان ژن پێویستە پەیامی خۆی بگەیەنێت و هونەرمەندانی پیاویش بەتایبەتی ئەوانەی خێزانەکانیان کاری هونەری دەکەن، دەبێت زەمینەیان بۆ خۆش بکەن و وەک هونەرمەندێک و هاوڕێ رەچاوی کارەکانی بکەن و بۆ سەرکەوتنی هاوکار بن.

**کاردانەوەی دەوروبەرت بەتایبەتی خانەوادەکەت بۆ تاشینی قژت چی بوو ؟**

- بێگومان خانەوادەکەم بەهەموو شێوەیەک هاوکار بوون، چ وەک ناوماڵی خۆم، چ وەک کەسوکاری دەوروبەرم، هەمیشە کارەکانم مایەی دڵخۆشی و ستایش بووە لای ئەوان، لەبەر ئەوە هەرگیز دەستیان نەخستۆتە ناو ئیش و کاری هونەریمەوە، بەڵکو بە سوپاسەوە هاوکار بوون، لەم کارەشدا هەڵوێستیان ئاسایی بوو، چونکە ئەوە خواستی تاکە کەسی خۆمە و زیانی بۆ هیچ کەسێک نییە، هەر بۆیە وەک تاکێکی ئازاد سەیریان کردم، بەڵام بەداخەوە هەندێک لە هونەرمەندان و کۆمەڵگەکەم کارەکەیان پێ سەیر بوو، هەندێکی تریش دەستخۆشی و ستایشیان دەکردم، هەندێکی تریش پێیانوابوو کارەکە پێویستی بەسەرتاشین نەدەکرد، بەڵام ئەوە من بووم رۆڵی کارەکتەرەکەم دەگێڕا، نەک ئەوان، کەواتە ئەکتەر خۆی دەزانێت کارەکتەرەکەی چی لێدەخوازێت و ئامانجی سەرەکی منیش بۆ سەرتاشینەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەم لایەنانە:

١- کارەکتەرەکە وای دەخواست، منیش واتێگەیشتووم لەشانۆ کە هەر کارەکتەرێک بەرجەستە بکەم، پێویستە لە رووی روخسار و شێوە و ناوەڕۆک لەگەڵ کارەکتەر و بینەردا راستگۆ بم و بەراستگۆیانە بەرجەستەی بکەم .

٢- لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا کە بەداخەوە ئێمەش یەکێکین لەو کۆمەڵگەیانە، ژن هەمیشە وەک بوونەوەرێکی کەم و سووک سەیرکراوە و لە ماڵەکانیاندا زۆرینەی کات لە ژێر هەڕەشەو چەپۆکی پیاوسالاردا دەژین و هەمیشە لە ئازاردان، هەندێک جار پیاوسالارەکان لە دەرەوەی ماڵەکانیان بانگخوازی مۆدێرن و یەکسانی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ و ژنان دەکەن، بەڵام لە ماڵەوە دەمامکەکانیان دادەماڵن و حەقیقەتی باوکسالاری و جەلادبوونی خۆیان بۆ خێزانەکانیان دەردەخەن. بۆیە بە درۆ نەیانوتووە ئەگەر دەتەوێت پێناسەی مرۆڤەکان بکەی، چ پیاو، چ ژن بێت، روناکبیر بێت، یاخود نەخوێندەوار، بڕۆ پرسیار لە هاوسەرەکانیان بکە ئەوان ناوەڕۆک و رووخساری راستەقینەیان دەزانن چۆنە، کەواتە ئەم کارەکتەرە رەنگدانەوەی چەندین ئافرەتی کوردە لەناو کۆمەڵگەیەکی داخراودا، بۆیە منیش خوازیار بووم وێنەیەک لەو ژنانە راستەوخۆ لەسەر شانۆ بگەیەنمە وەرگر.

٣- لەلایەکی ترەوە دەربڕینی هەست و سۆزی



ڕاستەقینەی منە بۆ ئەو مرۆڤانەی بەداخەوە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوون و زۆربەیان بەهۆی نەخۆشییەکەوە قژ و پرچەکانیان لەدەست داوە و بەو پەڕی شانازییەوە بەو کردارەی خۆم بەشداری هەستیان دەکەم، تەنانەت لەناو گروپەکەی خۆشماندا ئەنداممان هەیە، دایک، یان خوشک، یان منداڵێکی تووشی ئەو کارەساتە بووە.

٤- دەمویست لەمیانەی سەرتاشینەکەمەوە ئەو پەیامە بگەیەنم بە هەندێک لە گەنجان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و هەندێک لە هونەرمەندانیش کە بە جۆرێک لە جۆرەکان هیچ سۆز و عەشق و خۆشەویستییان بۆ شانۆ نەماوە. پێموتن شانۆ واتا قوربانیدان و عەشق ئەمە ڕاچڵەکانێک بوو بۆ هەمووان، بەتایبەتی بۆ گەنجەکان کە نایانەوێت بە عەشقەوە بەخشندە بن، کاربکەن بۆ برەودانی شانۆ، لەلایەکی تریشەوە بەدەسەڵاتداران ڕابگەیەنین کە ئێوە چەند لەمپەر و کۆسپ بۆ هونەرمەندی شانۆکار دروست بکەن، ئەوا هێشتا هونەرمەندی عاشقی شانۆ هەیە و بەردەوام قوربانی دەدات.

*** بە گشتی گەشبینی، یان ڕەشبین بەرامبەر بەو گەنجانەی ئێستا لە بواری شانۆدا کار دەکەن؟**

- سەبارەت بە ڕەشبینی و گەشبینی گەنجەکان ناکرێت بە ڕەها لەسەری بدوێین، چونکە ئەم بابەتە پەیوەستە بە هەستەوە و هەست لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ڕێژەکەی دەگۆڕێت کەواتە ناتوانم بڵێم بە گشتی گەشبینم یان ڕەشبینم، گەشبینم چونکە هێشتا چەندین گەنج کە بە داخەوە لە پەنجەکانی دەستێک تێناپەڕێت هەڵگری هیوا و جوانی و داهێنانن و بەردەوام دەخوێننەوە و هەوڵ دەدەن ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەوشی شانۆی کوردی بەرەو لوتکە و هەڵکشان دەبەن. ڕەشبینم کە زۆرینەی کۆمەڵگە بەسەرجەم چین و توێژەکانیەوە بەتایبەتی گەنجەکان پشتیان لە خوێندنەوە و بەدواداچوون و داهێنان کردووە، بێگومان مەبەستم ئەو کەسانەیە کە هەڵگری بڕوانامەن، دەرکەوت کە بڕوانامەکە تەنها بۆ بەدەستهێنانی کارێک، یاخود فەرمانێکە، نەک کارکردن بێت بە بڕوانامەکەی بۆ خزمەتی گشتی. ئەو جۆرە مرۆڤانە ناتوانن و نازانن بوونی خۆیان بسەلمێنن و پرسیار لە خۆیان بکەن، بۆچی دەژین، خواستێکی دیاریکراو و بەرنامەیەکیان لە ژیاندا نییە، تەنها بێزارن و هەمیشەش بەبێ بەرهەم و بە بێ کار داواکارن، واتە هەیانە خواستی زۆرە و شوێنی باشی دەوێت و ژیانی پاشایەتی و زۆرشتی تر، بەبێ ئەوەی بەردێک بخاتە سەر بەردێک لەم وڵاتەدا، بێگومان تەنها ئەوان بەرپرسیار نین لەو نەهامەتی و ئاڵۆزی و سەرلێشێواوەی تێیکەوتون، بەڵکو ئەوە دەسەڵاتە و حکومەتە کە بە درێژایی حکومەتی کوردی نەیتوانیوە بەرنامەی ستراتیژی هەبێت و وردبین بێت تەنها پشتی بە زۆرکردنی لایەنگری بۆ خۆیان وەکو حزب و دەسەڵات کردۆتەوە، هەزارەها مووچەخۆر و فەرمانبەر هەن لەم وڵاتە، بەبێ هیچ بەرهەم و داهێنانێک وەک مشەخۆر دەژین، لێرەوە دەڵێم ئەوەی خەون و خولیاو داهێنانی نییە، پێویست ناکات داوای هیچ شتێکیش بکات .

*** ڕێنماییت بۆیان چییە؟**

-ڕێنماییم بۆ ئەو هونەرمەندە گەنجانەی کە گەشبینم بەکارکردنیان و بە هیوا و خولیایان بۆ خواستەکانیان، هیوادارم کۆڵنەدەن و بەردەوام بن شتە نەخوازراوەکان نەبێتە ڕێگر و لە بەردەم بوونیان سستیان نەکات، بەڵام بۆ ئەو گەنجانەش کە هەمیشە لە گێژاودان و خۆیان ون کردووە، خوازیارم ڕۆژێک بێت بە خۆیاندا بچنەوە چەندین پرسیار ئاراستەی بوونی خۆیان بکەن، بۆ ئەوانەش کە هیچ شتێک نایان جووڵێنێت، تەنیا بیر لە بەدەستهێنانی پارەو دامەزراندن و مووچە و خانوو شتی حازر بەدەست دەکەن، دەڵێم ئەگەر خۆتان ناتوانن بیربکەنەوەو بگۆڕێن، ئەم وڵاتە جێبهێڵن، چونکە تۆ لێرە گوناحیت و جێت نابێتەوە شوێنێک هەڵبژێرە کە بێ ماندوبوون، بێ هەوڵدان، بێ خۆشەویستی بۆ نیشتمان لێی بژیت، بۆیە تا زووە لێرە مەمێنە .

*** ئەرکی هونەرمەندان بە گشتی لەو بارودۆخەی ئێستای کوردستان چییە؟**

-پێموایە زۆر لە مێژە هونەرمەندان بە گشتی ریزی گەلیان جێهێشتووە و پشتیان کردۆتە داخوازییەکانی خەڵک کە دەبوایە بەپێچەوانە هونەرمەند چ وەک تاک چ وەک هاووڵاتی و چ وەک پەیامە هونەرییە گەورەکەی دەبێت و هەمیشە لە پێشەوەی گەل بێت بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان و هاوهەڵوێست بێت لەسەر داواکارییە ڕەواکانیان، دەبێت بۆ بچووکترین کێشە هەڵوێستی خۆی وەرگرێت و ڕێپێوانی سەرتاسەری بکات، بەتایبەتی لەم بارودۆخە قەیراناوییەدا دەبێت سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان وەک ساڵی هەشتاکان بێتەوە ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی و پێشڕەو بێت، چ هونەرمەندان و چ سەندیکاش بێ هەڵوێستن و مێش میوانیان نییە بەرامبەر ئەوەی ڕۆژانە لەسەرانسەری کوردستاندا دەگوزەرێت، بەداخەوە هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هونەرمەندان بە شێوەیەکی گشتی خزاونەتە ناو پارتە سیاسییەکانەوە و بەخواستی حزب و لایەنە سیاسییەکان دەجووڵێنەوە .




# شوفێرێکی تاکسی ئیما ڕزگار دەکات

زۆر لە هونەرمەنـدە ناودارەکان بۆدی گاردی تایبەتیـی خۆیـان هەیـە بۆ ئـەوەی بیانپارێزن لـە هێرش و دەسـتدرێژیی کەسـانی خراپکار و تەنانەت لە هەوادارانیشـیان کە زۆر جـار هەوڵ دەدەن بە هەر شـێوەیەك بێت، خۆیان بە ئەسـتێرەکان بگەیەنن بۆ گرتنی وێنەیەك، یان ئۆتۆگرافێك، بەڵام جاری واش هەیە کەسانی ئاسایی ژیانی هونەرمەندە ناودارەکان دەپارێزن، وەك ئەوەی لەگەڵ ئەسـتێرەی بەریتانی ئیما واتسۆن روویدا.

شوفێرێکی تاکسـی توانیی پیلانێك پووچەڵ بکاتەوە کە دانرابوو بۆ ڕفاندنی ئیما واتسـۆن لەو کاتەی سـەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمە نوێیەکەی بوو بەنـاوی (Beauty and the Beast) لـە ستۆدیۆکانی (Shepperton) ناوچەی ساری لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئینگلتەرا.

شـوفێرەکە گوێی لە قسـەی پیلاندانەرەکان بـوو، کاتێك بە زمانێکی دیکە قسـەیان دەکرد و ئـاگاداری ئەوە نەبوون کە شـوفێرەکە لەو زمانە تێدەگات، بۆیە شوفێرەکە پۆلیسی لە پیلانەکە ئاگادار کردەوە و دوای دەسـتگیرکردنیان دانیان بە تاوانەکەدا نا.

شـایەنی باسـە لەم فیلمە نوێیەدا ئیما ڕۆڵی بیللی دەبینێت کە بەرجەستەکردنی فیلمی کارتۆنـی ناسـراو (کچـە جوانەکە و دڕندەکە)، فیلمەکە باس لە شازادەیەك دەکات کە دەبێتـە دڕندەیەك، بەڵام دواتر بۆ ئەو کچە روون دەبێتەوە کە ئەم دڕندەیـە خاوەن دڵێکی نەرم و نیانە، بۆیە سـەرەڕای ئەوەی زۆر ناشـیرینە، کەچی ئەم کچە جوانە دەکەوێتـە داوی خۆشەویسـتیی دڕندەکە کە دواتر دەگەڕێتەوە سـەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی.



# رادیکا شێتی شاروخانە

ئەگەرچی خانمە ئەکتەری ناسـراوی بۆڵیۆد رادیـکا ئەپتی لە تەمەنێکی زوودا هاتە نێو بواری هونەری، بەڵام بەم دواییە رایگەیاند کە لە سـەرەتای تەمەنی نەوجەوانیدا یەکێك بووە لە هەوادارەکانی ئەسـتێرەی بۆڵیۆد شاروخان و خۆشەویستییەکەی سنووری نەبوو.

رادیکا کە ئێسـتا خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداریکردن لە فیلمێکی نوێ بە ناوی (Majhi – The Mountain Man)، بەوە ناسـراوە کە هەوڵ دەدات یـاری بە دڵی پیاوان بکات، بەڵام بە ئاشـکرا لە دیمانەیەکی لەگەڵ رۆژنامەی (indianexpress) رایگەیاند کە لە دڵەوە ئاواتی دەخواست شاروخان هەمان هەستی بەرامبەری هەبێت.

ئـەم دان پێنانە بە جورئەتەی رادیکا لە کاتی بینینی پۆسـتەرەکانی فیلمە نوێیەکەی شـاروخان هات، دواتر رادیکا لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم دان پێنانەی بڵاو کردەوە، لە لایەن خۆیەوە کاتێك شاروخان کە سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمێکی نوێیە بە نـاوی (Dilwale) لە وڵاتی بولگاریا، کاتێك ئەم دان پێنا نـە ی رادیـکای خوێندەوە لە پەیجـی تایبەتی خۆیدا، سوپاسـی کرد بۆ ئەو شێوازە بەجورئەتەی و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە فیلمە نوێیەکەیدا، لە بەرامبـەردا رادیکاش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: هەست بە خۆشـییەکی زۆر دەکەم بۆ ئەو وەڵامەی ناسـکەت کە بـۆ من زۆر دەگەیەنێ، تا ناتوانم چـاوەڕێ بکەم، فیلمەکەت ببینم).





# دیکابریۆ ٤٠ ملیۆنی بۆ ژینگە کۆکردەوە

ئەسـتێرەی سـینەمایی لیناردۆ دیکابریۆ کـە دەزگایەکی خێرخوازی بە ناوی خۆیەوە دامەزراندووە و تایبەتە بە پاراستنی ژینگە و دوا شـوێنە وشکانییەکان لەسـەر رووی زەوی، لە ئاهەنگێکی تایبەت کە لە شـاری (سان ترۆبیە) لە کەناری دەریای ناوەڕاست لە باشووری فەرەنسا ساز کرابوو، توانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی خەڵك بەرامبەر بە ژینگە بڕی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن دۆلار کۆ بکاتەوە.

ئەم بڕە پارەیە لە میانەی مەزادێکی ئاشکرادا کۆکرایەوە کە لەو شارە و تێیدا دیکاپریۆ چەند کەلوپەلێکی تایبەتی گرانبەهای فرۆشت لەوانە تابلۆکانی ئاندی و ئارهۆل و بانسکی، لەگەڵ خانووەکـی خۆی کە دەکەوێتە دوورگـەی لاکادۆر لە بلیز و بیزنسـمانێکی ئەمریکی بە بڕی ١١ ملیـۆن دۆلار کڕیی، هەروەها لە مەزادەکـەدا ئاهەنگێکی تایبەتی ئاڵتۆن جۆن بە نرخی ٣ ملیۆن دۆلار فرۆشرا.


لە میانـەی ئاهەنگەکـەدا دیکاپریۆ وتی: ئێمە دارسـتان و دیمەنـە جوانەکانی خۆمان لەناو دەبەیـن و رووبار و دەریا و زەریاکانـی خۆمـان پیس دەکەن، کە ئەمانـەش هەموویان سیسـتەمێکی ژینگەین کە فرە جۆری ژیان لەسەر هەسارەی زەوی دەرەخسـێنێ و وای لێدەکات ژیـان گونجاو بێت، من هەست بە سەربەرزی دەکەم کە ئەمڕۆ لێرەم و بە نیازین کارێك ئەنجام بدەین بۆ پاراستنی هەسارەکەمان لە لەناوچوون و پیس بوون ڕزگاری بکەین.

# کتێبخانەکان هانی خوێندنەوە دەدەن

ئا: یاسین قادر بەرزنجی

**کتێبخانە بۆ ئەوانەی عەشقی کتێب و خوێندنەوەیان هەیە، دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگی بەختەوەرییان، بوونی کتێب و سەرچاوەی بە نرخ لەبەر دەستی خوێنەردا وەك ئەوە وەهایە ناو بەناو گەشتێ بکەین بە جیهاندا، چونکە لای ئەوان کتێبی دەگمەن وەك سامانێکی کەم وێنەیە.**
**ئەمە لە کاتێکدا کتێبخانەی ئەوتۆ هەن، شاکاری جوانین و کێبڕکێ لەگەڵ شوێنە گەشتیارییەکانی دنیادا دەکەن، بە نەخشەسازیی ناوازەیان و ژمارەی زۆری کتێبەکانیان کە دەبنە مایەی رازاندنەوەی کتێبخانەکانیان، لێرە(٧) کتێبخانەی زۆر جوانی جیهانتان پێ دەناسێنین:**

**١- کتێبخانەی پەندول لە مەکسیکۆسیتی:**
کتێبخانەی (Libreria El Pendulo) لە مەکسیك، بە جۆرێکە هامشۆکەری یەك رۆژی تەواوی تیادا بباتە سەر، لەگەڵ ئەو دیزاین و فراوانییەیدا، ملیۆنان سەرچاوەی تێدایە بە زۆربەی زمانەکان، لەگەڵ خوێندنەوەدا، جێگایەکی تایبەت هەیە بۆ قاوە خواردنەوە و خواردنی ژەمێکی سووك و گوێگرتن لە موزیکی ئارام.




**٢- کتێبخانەی شکسپیر لە پاریس:**
گەر فیلمی (Midnight In Paris) ی (موودی ئالان)ت بینیبێت، بە دڵنیاییەوە ئەو کتێبخانەت بیر دەکەوێتەوە کە پاڵەوانی فیلمەکە هامشۆی دەکرد، کتێبخانەکە دێرینە و سیمایەکی تایبەتی هەیە، ساڵی ١٩٥١ دروستکراوە و ئەو کتێبانەی لێرە دەفرۆشرێن هەموویان بە زمانی ئینگلیزین، هەرچۆن ئاهەنگی ئیمزا کردنی کتێبی گەورە نووسەرانی تیادا ساز دەکرێت.



**٣- کتێبخانەی بارت لە کالیفۆرنیا:**
ئەو کاتەی ریچارد بارت نیسدڵ بە دەست کتێبە زۆر و هەڵچنەکانیەوە خەمی دەخوارد، بیرۆکەیەکی جوان بە مێشکیدا هات و ژمارەیەك دۆڵابی کتێبی لەسەر شۆستەیەك لە کالیفۆرنیا دانا، ئەوە لە ساڵی ١٩٦٤دا بوو، بە شێوەیەك رێبواران تەماشایان بکەن و لاپەڕەکانیان هەڵبدەنەوە، تا وای لێهات (Bart's Book story) بووە گەورەترین کتێبخانە لە هەوای کراوەدا و تەنانەت بووە جێگایەك بۆ چنگ کەوتنی کتێبە هەرە دەگمەنەکان.





## ٤- کتێبخانەی براتسلاڤیا لە سلۆڤاکیا:

کتێبخانەی کۆفرۆشی (Plural Bookshop) کتێبخانەیەکی گەورە نییە، بەڵام نەخشەسازییە ژیرانە و داهێنراوەکەی وایکردووە بچێتە ریزبەندی کتێبخانە ناوازەکانەوە، تەختایی زەوییەکەی پلەبەند کراوە وەك قالدرمە بۆ سەرەوە لە هەردوو دیوەوە کتێب دانراون لە یەك کاتدا قالدرمەکان بۆ دانانی کتێبە و بۆ دانیشتنی کڕیارانیش، لەسەر سەریشەوە قاوەخانەیەکی دلگیر هەیە بۆ دانیشتن.




## ٥- کتێبخانەی سان تۆرینی لە یۆنان:

وەرچەرخاندنی خانوویەکی کۆن لە گوندێکی فەرامۆشکراودا بۆ جێگایەکی ئەفسوناوی، کارێکە تەنیا لەوانە دەوەشێتەوە کە دیدگایەکی رووناکبیرییان هەیە، دووان لە سەوداسەرانی کتێب بڕیاریان داوە کتێبخانەیەك لە (دوورگە دوورەکە) بکەنەوە، تا ببێتە جێگایەك بۆ شەیدایانی کتێب خوێندنەوە، ئەم کتێبخانەیە (Atlantis Books) لە ئێستادا میوانداریی هەندێك دیدار و فیستیڤاڵ دەکات تا هەمووان بە ئارامیی لەوێوە بڕواننە خۆرئاوابوون، ئەویش لە بالکۆنی سەر دەریاوە، خاوەنەکانی ئەم کتێبخانەیە لەم دواییەدا دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی تایبەت بە خۆشیان داناوە.



## ٦- کتێبخانەی کۆلێژی ترینیتی لە ئێرلەندا:

ئەم کتێبخانە گەورەیە کە قەڵای هۆجۆرینستی فیلمەکای (هاری پۆتەر)مان دێنێتەوە یاد، ملیۆنان کتێبی لە خۆ گرتووە کتێبخانەکە کە بە (Trinity College Library) ناسراوە کۆمەڵێ کتێبی دەگمەنی تیادایە، لەوانە کتێبی (کیلز) کە وا مەزەندە دەکرێت ساڵی ١٨٠٠ی کۆچی لە لایەن راهیبەکانی سلتیاکەوە نووسرابێت.



## ٧- کتێبخانەی پەرلەمانی کەنەدا:

ساڵی ١٨٧٦ دروستکراوە لە سەرەتاشەوە بەشێك بووە لە تەلاری پەرلەمان، کاتی دروستکردنی کە ١٠ ساڵی خایاندووە، دروستکەرانی داماون بە تەواوکردنی گومەزەکەیەوە، بەڵام دواتر لە ئاسنی (نەرم)ی گونجاو بۆیان دروستکرد، بەوەش کتێبخانەکە لە ئەمریکای باکوور بووە، یەکەمین تەلار کە گومەزەکەی لەو جۆرە ئاسنە دروستکرابێت.

سەرچاوە: رۆژنامەی (الراية القطرية) ژمارە ١٢٠٨٤ لە ٢٠١٥/٦/٨